# گفتۆگۆ لەگەل مارتن هایدگەر

## فەلسەفە و کۆمەڵگا و تەکنیک و بـــوونەوەر



وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی: اسماعیل المصدق
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێروان خدر

ئەم گفتوگۆیە لەلایەن ریتشارد فیسەر لە گەڵ هایدگەر بۆ یەکێ لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانیا سازیداوە، هەروەها بەشێوەی نووسەری گرووپ لەژێر سەرپەرشتی ناوبراودا لە دەزگای پەخشی کارل ئەلبێر، فرایبۆرگ، میونخ ساڵی 1970 بڵاوکراوەتەوە. لاپەڕە 67 -70.

- بەڕێز مامۆستا هایدگەر! لە زەمەنی ئێمەدا دەنگۆ هەیە ، وا دەبینرێ گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکێکی یەکلاکەرەوەیە لە ئێستادا، هەروەها تاکە خاڵی وەچەرخانی پەیمانبەخشە سەبارەت بە داهاتوو؛ ئەم رووداوانە روو لە زیادبوونـدایە ژمارەکـانی زۆر دەبـن و هێزەکەشـی بە بەردەوامـی روو لە زیـادبوونە، ئێـوە هەڵوێستتان بەرامبەر ئەو ئاراستەیە چییە، کە پێی دەگوترێ (رۆحی سەردەم)، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەستە بە چاککسازی زانکۆ؟

* تەنهـا وەڵامـی دوا پرسـیارەکەتان دەدەمەوە؛ ئەوانەی پێـشووتریش کە پرسـیارتان کـرد، زۆر بەرفـرەیە. ئەو وەڵامەی کە پێتـان دەبەخـشم، هەمـان ئەو وەڵامەیە بەر لە چـل سـاڵ پـێش ئێـستا لە یەکەم موحازەرەمـدا لە زانکۆی فرایبۆرگ ساڵی 1929 داومەتەوە.

رستەیەک لەو موحازەرەیەتان بۆ دەهێنمەوە (میتافیزیکیا چییە؟) : "بوارەکانی زانست زۆر دوورن لەگەڵ یەک، شێوازی چارەسەرکردنی بابەتەکانیشیان جیاوازێکی بنەڕەتی هەیە. ئەم فرەییە بۆ خەڵک لێک دابڕاوە، ئەمڕۆ ناتوانی پارێزگاری یەکگرتوویان بکەی، تەنها بەهۆی ریکخەرێکی تەکنیکی زانکۆکان و کۆلێژەکان نەبێت، هەروەها ناتوانی پارێزگاری دەلالەتەکانی بکەی، تەنها بەهۆی ئاراستە کردنی کەرەستەکان بەرەو ئامانجە کردەییەکان نەبێ، لە ئێستاشدا زانستەکان لە بنەڕەتی ماهییەتەکانیدا هۆشداری فەرامۆش بوونی دەدا".

- هەندێ پاڵنەری تەواو دیار هەیە، کە هەوڵەکانی ئێستا بەرەو ئەوە دەبات لە بۆ پێکانی گۆڕانکاری ئاراستەکراو دەربارەی دیاریکردنی ئامانجەکان و، هەروەها بۆ (گۆڕانی بنەڕەت)، زانیاری واقیعی لە ناووەی ئاستی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، یانیش ئاستی پەیوەندییەکانی خەڵک، ئەوەی رووناکبەخشە لەم کارە زیاتر لە فەلسەفەدا بەرجەستەیە، ئەوەی کە نێگەتیفە یان ئەوەی پۆزەتیڤە.
ئایا هیچ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە فەلسەفەدا هەیە؟

* نا! ناتوانین قسە لەسەر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بکەین بەو مانایە.
ئەگەر بمانەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، یەکەم شت پێویستە بپرسین : "کۆمەڵگا چییە؟". هەروەها دەبێ ئەوەش بە بیر خۆمان بێنینەوە، ئەو کۆمەڵگایەی ئەمڕۆ تەنها داتاشراوێکی رەهای خودی ئێستایە. لەم روانگەیەوە فەلسەفە گۆشەی تێڕوانینی خودی تێپەڕاندووە، هیچ مافێکی نییە تەنها ئەوە نەبێت پشکداری بکات.
بەڵام پرسیارکردن لەسەر ئەوەی: تا چەند توانست هەیە بە گشتی قسە بکەین لەسەر گۆڕانی کۆمەڵگا، ئەمە پرسیارێکی دیکەیە، پرسیار کردن لەسەر پێویستی گۆڕینی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رستانەی کارل مارکس لە (ئەتروحەکانی دەربارەی فیورباخ)، ئەمەش رستەیەکە زۆر جار وەک بەڵگە ئاماژەی پێدەکرێ.
دەمەوێ ئەو رستەیە زۆر بە وردی بگوازمەوە لە پێشتان بیلێمەوە: "فەیلەسوفەکان تەنها تەئویلی جیهانیان کردووە بە چۆنایەتییەکی جیاواز، لە کاتێکدا ئەوەی گرنگە گۆڕانکارییە".
مرۆ کاتێک ئاماژە بەو رستەیە دەدا غافلگیرە، وەرگرتنی ئەم رستەیە بۆ گۆڕانکاری جیهان، پێویستە گۆڕان بێت لە تێڕوانینی جیهان، بەڵام ناتوانین بگەین بە تێڕوانینی جیهان، مەگەر تەنها بەشێوەیەکی باش تەئویل بکرێ.
بەو مانایە مارکس لە داواکردنی بۆ (گۆڕینی جیهان) پشت بەستە بە تەئویلێکی تەواو دیاریکراو بۆ جیهان، لەمەوە دەردەکەوێ ئەم رستەیە بنیاتنەر نییە، ئەمەش مۆرکێک دروست دەکا، کەوا قسە لەسەر چۆنایەتییەکی دۆگما دژ بە فەلسەفە دەکات. لەکاتێکدا لەبەشی دووەمی رستەکە لە ناواخنیدا پێشنیاری پێویستی فەلسەفە دەخاتە روو.

- چۆن دەکرێ ئەمڕۆ فەلسەفەکەتان چالاک بێت لە ناو کۆمەڵگایەکی تایبەت، کە ئەرک و خەمێکی زۆری هەیە، لە ماندووبوونەکانی هەروەها ئومێدەکانی؟ ئایا ئەوانەی رەخنەت لێدەگرن راستن، ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کەوا هایدگەر تەنها تیشکی خستۆتە سەر "گەردوون"، تاڕادەیەک کەوا مەرجەکانی مرۆیی کردۆتە قوربانی، بە پێکهاتەکەی مرۆڤ لە کۆمەڵگاو تاکدا؟
* ئەم رەخنەگرتنە لەسەر بەدحاڵیبوونێکی گەورەوە بنیاتنراوە! پرسیارکردن لە (گەردوون)، هەروەها ئاسانکردنەوەی ئەم پرسیارە مەزنەدەیەکی کتومت تەئویلە بۆ دا-زاین، بەو واتایەی دیاریکردنی ماهیەتی

مرۆڤە. بیرۆکەی بنەڕەتی بۆ تەفکیرم کتومت ئەوەیە کەوا گەردوون و، لەمەشەوە بۆ کرانەوەی گەردوون پێویستی بە مرۆڤە، مرۆڤیش نابێتە مرۆڤ تا هەڵنەستێ بە کرانەوەی گەردوون.
لەمەوە دەبێ پرسیارەکەدا یەکلابکەینەوە : تا چ رادەیەک بایەخت بە گەردوون داوەو مرۆڤت فەرامۆش کردووە، ناتوانین پرسیار لە گەردوون بکەین بێئەوەی پرسیار لە ماهیەتی مرۆڤ نەکەین.

- جارێکیان نیچە گوتی: فەیلەسوف ویژدانێکی ئازارچەشتووە لە سەردەمەکەی خۆیدا، با مەبەستەکەی نیچە لەلایەک دابنێین، بەڵام هەوڵەکانتان ئومێدی ئاشکرا کردنی مێژووی فەلسەفەیە تا ئێستا، وەک مێژوویەک کە بەرەو داڕووخان دەچێت، لەبارەی ئەوەی کە گەردوونە. لەمەشەوە بۆ لەباربردنی ئەم مێژووە، لەوانەیە هەندێک فرچک بدرێن بەوەی مارتن هایدگەر ناوزەد بکەن بە ویژدانی ئازارچەشتووی فەلسەفەی رۆژئاوا.
بۆئەوەی ئاماژەیەکی فیکری نەبێژم، لەکوێوە ئەم خاسیەتە دەبینن، ئەوەی کەوا زۆر جیای دەکەنەوە لەوەی کە ناوتان ناوە "لەبیرکردنی گەردوون" یان "کۆچکردنی گەردوون"
* لە سەرەتادا دەبێ لە دیویکەوە پرسیارەکەتان راست بکەمەوە، کاتێک قسە لەسەر مێژووی داڕووخاو دەکەن، نابێ تێگەیشتنەکانمان مانایەکی نێگەتیف ببەخشێ!
من قسە لە سەر مێژوو ناکەم بۆ داڕووخان، بەڵام قسە لەسەر چارەنووسی گەردوون دەکەم، کەوا کشانەوەی زیاتر و زیاتر دەکا، بە بەراورد لەگەڵ کرانەوەی گەردوون لەلایەن گریکەکانەوە.- تا رادەی بڵاوبوونەوەی گەردوون وەک تەنها بابەتییەک- بۆ زانست، ئەمڕۆ تەنها وەک بەهایەک بەکار دێت لە پێناو کۆنترۆڵکردنی تەکنیکی لە جیهان. کەواتە: ئەوەی تێیدا دەژین داڕووخانێک نییە لە مێژوو، بەڵکو کشانەوەیەکە لە گەردوون.
ئەو خاسیەتەی زیاتر کە جیای دەکاتەوە لە لەبیرکردنی هەبوون- لێرەدا پێویستە بەردەوام بیرکردنەوەی لەبیرکردن وەچەرخانێک بێت لە گریکەکانەوە، لە lethe وەوە بە واتای خۆشاردنەوە یان کشانەوە لە گەردوون – خاسیەتێکی دیاری ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین – بە قەت ئەوەی کە بە گشتی دەیبینم – پرسیاری گەردوون کە دەیخەمەڕوو هێشتا لێی نەگەیشتوون.

- دوو ئەرک هەن یەک لە دوای یەک داتاناو، بووە جێگەی پرسیار، هەروەها واتانلێکرد شایانی پرسیارکردن بێت: ئاواتەکانی زانست بۆ دەست بەسەر داگرتن، تێگەیشتن لە تەکنیکیش تەنها وەک وەسیلەیەکی چاک بۆ گەیشتن بە ئامانج لێ بەدی دەکرا، کەوا هەموو کاتێ بە چۆنایەتییەکی خێرا ئارەزووی گەیشتنی دەکەین. کتومت ئەوەیە لە زەمەنی ئێمەدا، کە زۆرینەی خەڵک چاوەڕوانی زانست دەکا بۆ هەموو پێویستییەک. لە هەموو جیهاندا پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیان بۆ دەردەکەوێ، هەتا لە شوێنە دوورەکانی جیهانیش، مرۆڤ بەهۆی تەکنیکەوە ئەوەی بیەوێ دەستەبەری دەکات. لەو زەمەنەدا بیرکردنەوەکانتان دەربارەی جیهان و، دەربارەی ماهیەتی تەکنیک وروژێنەرە. لەلای زۆرێکیشەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەمە سەر ئێشەیە، مەبەستتان چییە لە بانگەشەکردنتان لەوەی زانست بیر ناکاتەوە.
* یەکەم شت لەبارەی ئەو سەر ئێشەوە دەست پێبکەم: من وای دادەنێم کە دیاردەیەکی تەواو دروستە! ئەمڕۆ لە جیهان سەر ئێشەی زۆر کەمە، نادیارییەکی گەورەش هەیە لە بیرکردنەوە، ئەو نادیارییەش کتومت لەبیرکردنی گەردوونە. بەڵام رستەی: زانست بیرناکاتەوە، کەوا سەرنجی زۆرانی راکێشا لەو کاتەوەی لە یەکێ موحازەرەکانم لە زانکۆی فرایبۆرگ درکاندم، بە مانای ئەوەیە: کەوا زانست لە بزاوتن نییە لە دوای فەلسەفەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەقبەستبووە، بێئەوەی لەو رەهەندەوە درکی پێبکات.

بۆ نموونە: فیزیا لە بزاوتن دایە بەپێی چوارچێوەی چەمکەکانی زەمەن و شوێن و جوولە، بەڵام زانست وەک زانست یەکلایی نابێتەوە لە دیاریکردنی بزاوتەکەی، شوێن، زەمەن. کەواتە زانست بیرناکاتەوە، زانست قەت ناتوانێت بەهۆی ڕێبازەکانییەوە بەو مانایە بیربکاتەوە.
بۆ نموونە ناتوانم بڵێم فیزیا چییە، بە هۆی ڕێبازە فیزیاییەکانەوە، بەڵام دەتوانم بیربکەمەوە، کە فیزیا چییە، ئەویش بە چۆنیەتی پرسیاری فەلسەفی. هەروەها ڕستەی: زانست بیرناکاتەوە، شتێکی وەرگیراو لە زانست نییە، بەڵکو تۆمارێکە لە بنەڕەتی ناوەوەی: ئینتیمای بۆ ماهیەتی زانست دەگەڕێتەوە، لەلایەک دەوەستێتە سەر ئەوەی فەلسەفە چۆن دەفکری، لەلایەکی دیش ئەو خودی خۆی لە بیر دەکاو، ئاگاداری ئەوە نییە کە دەبێ چۆن بیربکاتەوە.

- مەبەستتان لە بارەی یاسای تەکنیک چییە، کاتێک دووبارە لەمەڕ خەتەرناکی گەورەتر لە ترسی بۆمبی ئەتۆمی دژ بە مرۆڤایەتی ئێستا دەدوێن، یان (یەکەی کۆکراوەی چۆنایەتی ریفراندۆم) وەکو خاسیەتێکی بنەڕەتی تەکنیک ناوزەدتان کردووە، کە دەبێتە  ڕوونکردنەوەیەکی واقیعی بۆ ئاشکراکردنی تەکنیک وەک بەهایەک، لەژێر داواکارییە، یان بەواتایەکی دی کردنی هەموو شتێک، یان هەر شتێک ببێتە گرووی ئاماژە، تەنها بە داگرتنی دوگمەیەک.
* ئەوەی پەیوەندە بە تەکنیک، دیاریکردنم بۆ ماهیەتی تەکنیکە، ئەم دیاریکردنەش تا ئێستا لە هیچ شوێنێک جێگای ڕەزامەندی نەبووە، -بۆئەوەی چۆنایەتییەکی دیاریکراو بڵێم- بنەڕەتی زانستی سروشتی ئێستا وەستاوە لەسەر باڵادەستی ماهیەتی تەکنیک نەوەک بەپێچەوانەوە.
لەبەراییرا دەمەوەی ئەوە بڵێم من دژ بە تەکنیک نیم. هیچ شتێکم لەبارەی دژایەتی کردنی تەکنیک نەگوتووە، هەروەها دژ بەوەی ناوزەدە بە شەیتاناوی بوون  لە تەکنیک قسەم نەکردووە، بەڵام من هەوڵمداوە لە ماهیەتی تەکنیک تێبگەم.
کاتێک بیرۆکەی ترسناکی تەکنیک کە گەورەترە لە ترسناکی بۆمبی ئەتۆمی دەخەنەڕوو، من مەبەستم لە پێشکەوتنی ئەمڕۆدا بایۆفیزیایە، لەماوەیەکی کەمخایەندا توانای دروستکردنی مرۆڤمان دەبێ، بەو واتایەی لەسەر ماهیەتی جەستە هەژارەکەی مرۆڤ بنیاتی دەنێین، بەوەی کە ئێمە پێویستمانە دیاری بکەین: کارامەکان و ناکارامەکان، زیرەکان و گەمژەکان. دەمانگەیەنێتە ئەو ئاستە! توانا پێویستییەکانی تەکنیک لەمڕۆدا هەیە، لەلایەن زانایانی ئەوانەی خەڵاتی نۆبلیان وەرگرتووە  لە پێشوودا ڕایانگەیاندووە لە یەکێ لە کۆنگرەکان لە شاری lindan، منیش بەر لە چەند ساڵێک لە موحازەرەیەک لە شاری Messkirsch  باسم لێوەکرد.
کەواتە: پێویستە ئەو خراپ تێگەیشتنە لەبارەی کەوا من دژ بە تەکنیکم ڕەت بکەینەوە.
من لە تەکنیکدا، ڕێک ماهیەتەکەی دەبینم، کە مرۆڤ لەژێر هێزێکدایە تەحەدای دەکاو، لە بەرامبەریدا ئازاد نەماوە، ئەو شتەی کە دەیەوێ لە خودەکەیدا رایبگەیەنێ، ئەویش پەیوەندی گەردوون بە مرۆڤە، ئەم پەیوەندییەش لە ماهییەتی تەکنیکدا ونی دەکا، لەوانەیە ڕۆژێک لەپێناو ون نەبوونەکەی ڕووناکییەک دەرکەوێ.
نازانم ئەوە ڕوو دەدا یان نا! بەڵام من لە ماهیەتی تەکنیک یەکەم دەرکەوتەی لە نهێنییەکی قووڵتر ناوی دەنێم 'ڕوودان'. لەمەوە دەبێ لەوە تێبگەن کە بواری قسەکردن نییە بۆ بەرەنگاری یان ئیدانەکردنی تەکنیک. بەڵام کارەکە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ماهیەتی تەکنیک و جیهانی تەکنیکی. بەڕای من ئەمە ڕوو نادا، مادامەکی

مرۆ له چوارچێوەی پەیوەندی خود- بابەت بزاوتی هەیە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ: ناتوانین لە رێگای مارکسیەتەوە لە ماهیەتی تەکنیک تێبگەین.

- هەموو هیوایەکتان لەم پرسیارەوە دادەمەزرێت، ئەوەی کە پرسیارێکی بنەڕەتییە بۆ فەلەفسەکەتان، لەبارەی (پرسیاری گەردوون)، کە پرسیارێکی سەرەکییە. ئێوە چەندین جار ئاماژەتان بەوە دا ناتانەوێ هیچ ئەتروحەیەکی تازە لەو ئەتروحانەی بەردەستن تا ئێستا لەبارەی (گەردوون) زیاد بکەن. چونکە بەڕاستی گەردوون بە چۆنایەتییەکی زۆر جیاواز دیاریکرا، بۆ نموونە تایبەتییەکانی، وەک تواناو کردەیی و، راستی و، هەروەها خواوەند. ئێوە بەدوای یەکەیەک دەگەڕێن بۆ تێگەیشتن لە رایەکان؛ نەک بە مانای ئەتروحە لەسەرووی ئەتروحەکانەوە بێت، بەڵکو وەک پرسیارێک لە مانای گەردوون.

* لێرەدا پێویستە وەڵامی دوو پرسیار بدەمەوە: یەکەمیان : روونکردنەوەی پرسیاری گەردوون. وابزانم تەمومژییەک لە داڕشتنی پرسیارەکەت هەیە. دەربڕینی (پرسیاری گەردوون) دەلالەتێکی دووانەیە. بە واتای یەکەم پرسیاری گەردوون پرسیارکردنە لە بوونەوەر وەکو ئەوەی کە بوونەوەرە. لەم پرسیارە دەستنیشانی ئەوە دەکرێ بوونەوەر چییە. وەڵامی ئەم پرسیارە دیاری کردنی گەردوون دەبەخشێ.

هەروەها دەتوانرێ لە پرسیاری گەردوون تێبگەین بەو مانایەی: بناغەی هەموو وەڵامێک لەسەر پرسیار لەبارەی بوونەوەر چییە، بەو واتایەی، بەگشتی لە کوێدا ون نەبوونی گەردوون دادەمەزرێ؟ ئەگەر بە نموونە دابڕێژین: گریکەکان گەردوونیان وەک ئامادەگی لەوەی کە ئامادەیە دیاریکرد. لە ئامادەییدا ئامادەگی قسە دەکا، لە ئامادەگییدا لەحزەیەک هەیە بۆ زەمەن، کەواتە: دیاریکردنی گەردوون وەک ئامادەگی بە زەمەنەوە لکێنراوە.

ئەگەر ئێستا هەوڵی دیاریکردنی ئامادەیی لە وەچەرخانی زەمەنەوە بدەم، هەروەها لێکۆڵینەوە لە مێژووی بیرکردنەوە بکەم لەوەی لەسەر زەمەن گوتراوە، ئەوا ماهیەتی زەمەن دەدۆزمەوە، لەلایەن ئەرستۆوە پێشووتر دیاریکراوە لە وەچەرخانی تێگەیشتنی بۆ گەردوونێکی دیاریکراو. کەواتە: چەمکی تەقلیدی بۆ زەمەن شایەنی بەکارهێنان نییە. بۆیە هەوڵمدا لە (گەردوون و زەمەن)دا چەمکێکی ئاسانی نوێ بۆ زەمەن و زەمەنییەت ببەخشم. بە واتای کرانەوەیەکی دەرکراو.

پرسیارێکی دیکە کە پێشتر لەلایەن لیبنز خرایە روو، شیلینحیش رۆڵی پێبەخشی، منیش لە کۆتایی موحازەرەکەم بەشێوەیەکی حەرفی دووبارەم کردووە "میتافیزیکا چییە؟" کە پێشووتر ئاماژەم پێدا.

بەڵام: ئەم پرسیارە لەلایەن منەوە مانایەکی تەواو جیاواز دەبەخشێ. تێڕوانینی میتافیزیکی ئاسایی کەوا پرسیاری لەبارەوە دەکرێ ئەوەیە: بۆچی لەوێدا بە رەهایی بوونەوەرێک هەیە هیچ شتێک جێگرەوەی نییە؟ ئەمەش مانای ئەوەیە: ئەو هۆکارانە چین، یان ئەو بناغانە چین کە وادەکا ئەم بوونەوەرە بوونەر بێت کە هیچ نەبێت؟

بەپێچەوانەی ئەوە من دەپرسم: بۆچی بوونەوەر هەیە، شتێک نییە هیچ بێت؟ بۆچی بوونەوەر خۆی دێنێتە پێشەوە، بۆچی بیرکردنەوە لە هیچ بە وەسفکردنی یەکانگیر نییە لەگەڵ گەردوون؟ ئەمەش مانای ئەوە دەدا: بۆچی بیرچوونەوەی گەردوون دێتە پێشەوە، ئەمە لە کوێوە سەرهەڵدەدا؟

ئەم پرسیارە تەواو پێچەوانەی پرسیاری میتافیزیکییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ من دەپرسم: " میتافیزیکا چییە؟" من پرسیارێکی میتافیزیکی ناکەم، بەڵکو پرسیار لە ماهیەتی میتافیزیکا دەکەم.

وەک دەبینن بە زەحمەتییەکی چاوەڕواننەکراو هەموو ئەم پرسیارانە لێک جودان، ئەمەش بناغەیەک نییە بۆ تێگەیشتنێکی دەستەمۆکراو. ئەم کارە پێویستیەکی گەورەی سەر ئێشەیە. ئەزموونێکی درێژخایەن و گفتوگۆیەکی راستەقینەی لەگەڵ کەلتوورێکی گەورەدا پێویستە. یەکێ لە ترسناکە گەورەکانی بیرکردنەوەمان ئەمرۆ نوێنەرایەتی بیرکردنەوەمانە – بەمانای بیرکردنەوەی فەلسەفی – پەیوەندییەکی راستەقینەی لەگەڵ کەلتوورێکی رەسەن نەماوە.

- هەموو شتێک روون و ئاشکرایە کە بەڕای ئێوە پەیوەستە بە لەبارنەبردنی خود، وەکو ئەوە نییە کە ئەمرۆ وردبوونەوەی لەسەر نییە: ئەنترۆپۆلۆژیا چییە، ئەوەی جێگیرە لەسەر مرۆڤ، نەک بەو تێڕوانینەی مرۆڤ کە دەیبینێ و، بە هۆی ئەو مەعریفەیەی هەیەتی لەبارەی خۆی، هەروەها ئەو کردارەی کە پێی هەڵدەستێ و دەرک بە ماهیەتەکەی دەکات. لە شوێن ئەمەوە مرۆڤ ئاراستە دەکەن بۆ ئەوەی هۆشداری هەبێت لەبارەی ئەزموونی دا-زاین، کە لەوێدا مرۆڤ خۆی دەناسێ وەک بوونەوەرێکی کراوە بەرامبەر گەردوون، لەوێدا کە گەردوون خود بە مرۆڤ دەبەخشێ نا-بۆ ونبوون. کارەکانتان بەگشتی چڕ دەبێتەوە لەسەر راگەیاندنی ئەو پێویستییەی وەک گۆڕان لە بوونی مرۆڤ، لە وەچەرخانی ئەزموونی دا-زاین ەوە.

لەوێدا ئاماژەکان بەرجەستە دەبن بۆ ئەم کارانە کە بیری لێدەکەنەوە پێویستیەکان بکا بە واقیع؟

* کەس نازانێ چارەنووسی بیرکردنەوە بەچی دەگا. پێشووتر لە ساڵی 1964 لەژێر ناوونیشانی "کۆتایی فەلسەفەو ئەرکەکانی بیرکردنەوە" لە موحازەرەیەکدا خۆم نەمکرد، بەڵام پێشکەشی ئەوەم کرد، وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی. کەواتە من جیاوازی نێوان فەلسەفە دەبینم، بە واتای میتافیزیکا. هەروەها بیرکردنەوەش وەک ئەوەی کە چۆن هەیە تێیدەگەم.

ئەو بیرکردنەوەیەی لەو موحازەرەیە لەبارەی فەلسەفەوە جیای دەکەمەوە- ئەمەش لە رێگای هەوڵدان بۆ روونکردنەوەی ماهیەتی چەمکی گریکی aletheia-، ئەم بیرکردنەوەیە خۆی لە خۆیدا شتێکە بە بەراورد لەگەڵ بیرکردنەوەی میتافیزیکی زۆر ئاسانترە لە فەلسەفە، بەڵام بەهۆی ئاسانییەکەوە زۆرقورس ترە لە کاتی ئەنجامدانی.

ئەمەش چاودێرییەکی تازەی دەوێ لە زمان، نەوەک داهێنانی زاراوەی نوێ وەک چۆن لە رابردوو وای بۆ دەچوون، بەڵکو دەبێ گەڕانەوە بێ بۆ ناوەڕۆکی ئەسڵی زمانە تایبەتەکەمان، کە ئەمیش روو لە پەراوێزی و فەرامۆشییە.

بیرمەندی داهاتوو لەوانەیە خۆی لە بەرامبەر ئەرکێکی ئازاد ببینێتەوە لەو بیرکردنەوەیەی، کە هەوڵی سازدانی دەدا. بەو وتەیەی کە پێشتر هاینریش فون کلایست نووسی رازی بێت، ئەویش:

"سوزدە ببە بۆ ئەوەی ئێستا لێرە نییە، هەروەها سوزدە بۆ رۆحی ببە پێش هاتنی بە هەزار ساڵ".

سەرچاوە:

http://membres.lycos.fr/abedjabri/n23_15musadaq.htm